

# بیۆگرافیای ئالان بادیۆ

ئا: لوقمان ڕەئوف

– لە 1937/1/17 ئالان بادیۆ کە ئەمڕۆ بەیەکێک لە فەیلەسوفە دیارەکانی فەرەنسا دادەنرێت، لەشاری ریبات لە مەغریب لە دایک بووە.

–لە ناوەندی (لویس لوگراند) خوێندویەتی ، پاشان چووەتە خوێندنگەی (مامۆستا باڵاکان)

–لە ساڵانی 1957–1961 وەک مامۆستا لە خوێندنگەی (اللیسیە) لە (ریمس) کاری کردوە.

–لەساڵی 1963 بووە هاوەڵێکی نزیکی (فرانسوا رێجنێڵت Regnauit) .

–لە ساڵی 1964 یەکەم چیرۆکی بە ناوی (Aimagedtes) نوسیوە.

–لە ساڵی 1967 پەیوەندی بەو گروپەی کە لویس ئاڵتوسێر دروستی کردبوو کرد، وردەوردە کەوتە ژێر گاریگەری لاکان.

–لە ساڵی 1968 بەشداری راپەڕینی قوتابیانی کردووە، هەروەها بەشداری هەندێ گروپی توندرەوی چەپی کردووە.

–لەساڵی 1969 پێش ئەوەی بچێت بۆ زانکۆ پاریسی هەشتەم (فینسین سانت دینیس) کۆمەڵێک چیرۆکی بڵاوکردەوە، هەروەها لە زانکۆش لەگەڵ لیوتارد و دۆلۆزدا روبەرووی مشتومڕێکی توند بووەوە.

–لە ساڵی 1975 کتێبی تیرۆی دژی نوسی.

–لە ساڵی 1982 کتێبی کائن و روداوی نوسیوە.

–لە ساڵی 1989 کتێبی لێدوانی فەلسەفی بڵاوکردەوە.

–لە ساڵی 1990 کتێبی ژمارە و ژمارەکانی نوسیوە.

–لە ساڵی 1999 پۆستی (ENS)ی وەرگرتووە.

–لە ساڵی 2005 بەهۆی بڵاوکردنەوەی کتێبی (PORTEES CIRCONSTANCES) روبەرووی مشتومڕی جدی بوویەوە.

–لە 2009/2/15 بەشی دووەمی لێدوانی فەلسەفەی نوسی.

–لە بوارە جیاوازەکانی وەک چیرۆک و شانۆ و بابەتی فەلسەفی نوسیوە و لە زۆر زانکۆدا وانەی وتوەتەوە و وانەی تایبەتی کراوەی هەبووە.

–خاوەنی چەندین کتێبی فەلسەفی و ئەدەبی و وتاری سیاسیە و تا ئێستا زۆر لە کتێبەکانی وەرگێڕاون بۆ زمانە دیارەکانی جیهان.

–خاوەنی چەندین سینمارە لە بوارەکانی فەلسەفەو سیاسەت، یەکێک لە چالاکوانە سیاسیەکانی فەرەنسا.



## دەربارەی ئایاری ٦٨

# گفتوگۆ لەگەڵ ئالان بادیۆ

**لە فارسییەوە: پێشڕەو محەمەد**

**Nonfiction.fr: ئێستا یادی چلەمین ساڵوەگەڕی ئایاری 68 دەکرێتەوە. بۆ زۆرێک لە خەڵکی، لەمڕۆدا ئایاری 68 خەباتێک بووە باووباپیران بەگەڕیان خستووە، نەک باوکان. ئایا سەرنجی ئەوەتداوە، کە بۆ ئەم لاوانە، ئەم مەسەلەیە بە گشتی وەکو ئەو شتە وایە، کە هەمووان دەتوانن لە کۆگایەکی ئەتیکدا خاوەن وێنە کۆنەکانیان بن و سەربار، هەمووشیان دەیانەوێت ( ڕۆڵێکی ) کەم تا زۆر «مۆدێرنتر» بگێڕن!**

ئالان بادیۆ: ئەو کێشەیەی لێرەدا دێنە پێشەوە، برینییە لە کێشەی پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەکاندا (events). لەوانەیە چەندین شتی تەواو کۆنمان هەبێت، کە زۆر لە شتە تازەکان گرنگتر بن، ئەگەر ئەم بانگەشەیە دروستبێت، کە سەرەنجام، ئەمە لێدانێکی ڕووداو ئاسایە، کە ئەگەری گەیشتن بە لایەنەکانی حەقیقەت دیاریدەکات. شتێکی ڕوون و